شوبهەی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم

دەڵێن:

٥ـ ٭ موشریکەکان بتەکانیان کردبوون بە (آلهة) و بە پەرستراویان دادەنان.

٦ـ ٭ موشریکەکان ئیعتیقادیان وابوو کەبتەکانیان شایستەی عیبادەت بۆ کردنن.

٧ـ ٭ موشریکەکان بە واقیعیش عیبادەتیان دەکرد بۆ ئەو بتانەیان.

٨ـ ٭ موشریکەکان بە هۆی پەرستنی بتەکانیان دەیان ویست لە خوا نزیك ببنەوە و خێـرو خۆشیان تووش بێت.

بەڵام ئێمە جیاوازین لە موشریکەکان لە هەموو ئەم خاڵانەی پێشوو: چونکە:

٭ **پێغەمبەران** (عليهم الصلاة والسلام) و **پیاوچاکان** بە (آلهة) دانانێین و هیچ کەسێك لـە ئێمـە ناڵێت: شێخ عبدالقادر ـ بۆ نمونە ـ (إله) ـە یان پێغەمبەر ﷺ (إله) ـە!

٭ وە ئێمە ئیعتیقادمان وانیە کە ئەوان شایستەی پەرستن بن.

٭ وە ئێمە ئەوان ناپەرستین تاوەکو لە خوا نزیکمان بکەنەوە، بەڵکو بە پیرۆزیـان دەزانـین و داوای بەرەکەت و شەفاعەتیان لێدەکەین) !

هەڵوەشاندنەوەی شوبهەکانیان

لە وەڵامدا ـ بە پشتیوانی خوا ـ دەڵێین:

لە وەڵامی شوبهەکانی ڕابردوو وەڵامی ئەم شوبهانەشمان دایەوە، بەڵام بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەو بن بڕ کردنی شوبهەکانیان، زیاتر درێژە دەدەین بە ڕوون کردنـەوەی حـەق و پوچـەڵ کردنـەوەی **باطل** ـ إن شاء الله ـ بۆیە دەڵێین:

دیارە ئەو گۆڕپەرست وشەخس پەرستانە زۆر نەفامن، بۆیە شەیتان جۆرەها شوبهەی سـەیرو پوچیان بۆ دەنێرێت و گاڵتە بە عەقڵ و هەستیان دەکات و دەیان خەڵەتێنێت و وایان لێ دەکات وا هەست بکەن کە هیدایەت دراون و لەسەر حەقن و عیلمیان پێیەو خاوەن بەڵگەن. بەڵام لـە ڕاستیدا هەوڵەکانیان پوچەڵەو بەڵگەکانیان شوبهەنەو ئاوەکەیان سەرابە. دیارە ئەم جاهیلانـە نازانن: (إله) یەعنی چی !.

وە عیبادەت چی‌یەو جۆرەکانی چین !

زانایانی زمانەوانی (اللغویُّون): واتای (إله) یان بەم شێوەیە لێك داوەتەوە: بۆ نمونە لە (القاموس المحیط) **دا هاتووە:**

((أَلَهَ، إِلهَةً، و أُلُوهَةً: عَبَدَ عبادَةً، ومنه لفظُ الجلالة (الله)... وأصله: إله بمعنى: مألوه، **وكلُّ ما اتُخذَ معبوداً إلهٌ عند مُتَّخذه**. والتألُّه: التنسّك والتَعَبُّدُ)).

واتە: (أَلَهَ) یەعنی پەرستی. (إله) یەعنی پەرستراو. وە هەر شتێك پەرستنی بۆ كرابێت ئەوە بە (إله) دانراوە لای ئەوەی پەرستنی بۆ كردووە. وە (تألُّه) **بریتی‌یە لە بەندایەتی كردن و عیبادەت كردن.**

وە شێخ سلیمان بن سَحمان فەرموویەتی:

((الإلهُ معناهُ: الذي تألَهُهُ القلوب بالمحبَّةِ، والخضوع والخوف والرجاءِ وتوابع ذلك، من الرغبةِ والرهبَةِ، والتوكلِ والإستغاثة، والدعاءِ والذبحِ، والنذر والسجودِ، وجميع أنواع العبادة الباطنة والظاهرة، فهو إله بمعنى مألوه: أي معبود.

وأجمع أهل اللغةِ على أنَّ هذا معنى الإله... و جميع العلماء من المفسرين، و شُرّاحِ الحديث والفقه وغيرهم، يُفسِّرون (الإله) بأنَّه المعبود.

فإذا كان هذا هو معنى (الإله) في اللغة والشَرعِ، فهو المستحقٌ بالعبادة ـــ المتقدم ذكرها ـــ ويقصد لِأجل هذه الأمور:

فمن صرف من هذه العبادة المتقدم ذكرها ـ شيئاً لغير الله فقد اتخذهُ إلهاً، لأنَّه صرف خالص حقّ الله لغيره، وأشركه معه في عبادته، ومن أشرك باللهِ أحداً في عبادتهِ كان مشركاً، سواء كان المدعو المستغاث به ملكاً أو نبيَّاً، أو وليَّاً، أو صنماً.

وإن اعتقد أن من يدعوه، ويستغيث به، ويرجوه، ويذبح لهُ، ويلجأُ إليه، ويُعَلِّقُ آمالَهُ به، لا يضُرُّ ولا ينفع، وأنَّه ليس إلهاً، ولا يستحق العبادة !!

ولا ينفعهُ اعتقاده أن الله إلهٌ واحدٌ، وهو يعبد معه غيره، ولا تنفعه معرفته أن الانبياء أنبياءٌ، والأولياءَ أولياءٌ وهو يُشركهم في عبادة الله !!!

فإذا صرف المشركون لمن يعتقدون منه، شيئاً من هذه العبادة كانوا بذلك مشركين، فكذلك من يزعم أنَّه مسلم، ويتلفظ بالشهادتين، ويقرُّ بسائر الأركان إذا صرف من هذه العبادة شيئاً لغير الله كان مشركاً.

وە فەرموویەتی:

((فإن العبادة التي لا يستحقّها إلا الله مع الاقرار بتوحيد الربوبيّة هي أفعالُ العبد الصادرة منه، كالدعاء، والحُبِّ، والخوف، والرجاء، والخضوع، والخشوع، والإنابة، والتوكل، والمحبة والتعظيم، والإستغاثة، والإستعاذة والذبح، والنذر، وغير ذلك من أنواع العبادة التي اختصّ الله بها دون مَنْ سواه، وهو المستحق لها دون مَنْ عداه، فمن صَرف منها شيئاً لغير الله كان مشركاً، سواء اعتقد التأثير فيمن يدعوه، ويستغيث به، أو أنه مستحق، أو لم يعتقد ذلك، وإن فَرَّ من تسمية فعله ذلك شركاً، وتألُّها، وعبادة، فإنَّه من المعلوم عند كُل عاقلٍ أنّ حقائق الاشياء لا تتغيرّ بتغيُّر أسمائها، فلا تزول هذه المفاسد بتغيُّر أسمائها، كتسمية عبادة غير الله توسُّلاً، وتشفعاً، أو تبّركاً، وتعظيماً للصالحين وتوقراً، فإن الاعتبار بحقائق الأمور لا بالأسماءِ والاصطلاحات، والحكم يدور مع الحقيقة وجوداً وعدماً لا مع الاسماء)).

((فمن تَأَلَّـهَ غير الله فقد اعتقد أنه مستحق للعبادة بتألُّههِ إياه بأنواع هذه العبادة، شاء أم أبى، ولا ينفَعُهُ إقراره أن المستحق للعبادة هو الله وحده، وهو يُشرك به غيره))

((إن المشركين عبدوا تلك الآلهة بالفعل الصادر منهم، كالدعاء، والحب، والخوف، والتعظيم، والرجاء، والاستغاثة، والإستعاذة، والذبح لهم، والنذر، والالتجاء إليهم، فصرفوا لهم هذه العبادة، ليشفعوا لهم عند الله، وليقربوهم الى الله زلفى،

[إنما كانوا يعتقدون حصول البركة منها بتعظيمها، ودعائها، والاعتماد عليها في حصول ما يرجونه منها، و يُوَمّلونه ببركتها و شفاعتها، وغير ذلك].

وهكذا حال مشركي هذه الأزمان، إنما عبدوهم بالفعل والاعتقاد فيهم، وتوسَّلوا بهم، وقصدوهم لِأجل التبرّك بهم، والاستشفاع بجاههم، لا لِأجل أنهم مستحقون للعبادة، ولا أنهم مستقلون بالخلق والإيجاد، والنفع والضر.

وأيضاً فإنَّ مجرد ارتكاب فعلٍ أو قول، أو اعتقادٍ لغير الله، مما يُعَدّ من العبادة، من الدعاء، والذبح، وما تقدَّم ذكره- مُوقِعٌ في الإشراكِ، سواء وجد معه اعتقادُ أُلوهيةِ غير الله، أم لا))[1].

---

(1) ((الضياء الشارق في رد شبهات الماذق المارق)) الشيخ سليمان بن سحمان.

واتە: (إله) بریتی‌یە لەوەی کە دڵەکان دەیپەرستن بە خۆش ویستنی و مل کەچ بوون بۆی و لێ ترسانی و ڕەجای خێر بوون پێی... وە پشت پێ بەستنی و داوای فریاکەوتن لێی و هاوار کردنی و سەربڕین بۆ کردنی و نەزر کردن و سوجدە بردن بۆی. وە هەروەها پەرستنی بە هەموو جۆرەکانی عیبادەتی ناوەکی و دەرەکی. (دڵ و زمان و لاشە).

وە گشت زانایانی زمانەوانی و مانا لێك دەرەوانی قورئان (المفسِّرون) و شەرح کارانی حەدیس و زانایانی فیقهو غەیری ئەوانیش بەم شێوەیە مانای (إله)یان لێك داوەتەوە.

جا کە مانای (إلـه) لە زمانی عەرەبیداو لە شەرعیشدا بریتی بێت لەوەی پەرستنی بۆ دەکرێت و لەبەر ئەم شتانەی پێشوو (خۆشویستن و بە گەورەدانان و داوا لێ کردن ...) ڕووی تێ بکرێت. کەوابوو هەر کەسێك یەك جۆر لە جۆرەکانی عیبادەت بکات بۆ غەیری خوا، ئەوە کردوویەتی بە (إلـه). چونکە حەقی (الله)ی بەخشیوە بەو غەیری خوایەو کردوویەتی بە شەریکی (الله) لە پەرستندا. وە هەر کەسێکیش یەکێکی تر بکاتە شەریکی خوا لە پەرستندا ئەوە موشریکە جا، ئەو کەسەی هاواری دەکاتێ و پەرستنی بۆ دەکات فریشتە بێت، یان پێغەمبەر ﷺ یان وەلی، یان بت، یان دار، یان بەرد، یان قەبر، یان جنۆکە، فەرقی نیە. ئەگەر ئیعتیقادیشی وابێت کە ئەوەی هاواری دەکاتێ و داوای فریاکەوتنی لێ دەکات و ڕەجای خێری لێ دەکات و سەربڕینی بۆ دەکات و پەنای پێدەگرێت و ئاواتەکانی بەوەوە دەبەستێتەوە ـ زەرەرو سوود ناگەیەنێت و (إله)یش نیەو شایستەی عیبادەتیش نیە!.

وە ئەگەر ئیعتیقادیشی وابوو تەنها (الله) (إله)ە، وە هیچ پەرستراوو ئیلاهی تریش نیە، ئەم ئیعتیقادە سوودی نیە لە کاتێکدا کە ئەو کەسە عیبادەت بکات بۆ غەیری (الله). وە هەرچەندە واش بزانێت کە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) تەنها پێغەمبەرن و پیاوچاکان تەنها(أولیاء)ن، سوودی نیە، لە کاتێکدا کە ئەو بیانکات بە شەریکی خوا لە پەرستنداو، لەگەڵ خوا هاواریان بکاتێ و بیان پەرستێت؛ چونکە چۆن موشریکەکان بەهۆی عیبادەت کردنی پەرستراوەکانیان بوون بە موشریك، بەهەمان شێوەش هەرکەسێك لەوانەی کە موسڵمانن و شایەدی دەهێنن و دان دەنێن بە ڕوکنەکانی ئیسلام؛ ئەگەر بێت و ئەوانیش جۆرێك لە جۆرەکانی عیبادەت بکەن بۆ غەیری خوا ئەوە پێی دەبن بە موشریك لای خوا.

وە فەرمووی: ئەو عیبادەتەی کە کەس شایستەی نیە تەنها (اللّٰه) نەبێت لەگـەڵ دان نـان بە تەنها پەروەردگاریەتی (اللّٰه). بریتی‌یە:

لەو کردەوەو گوفتارانەی کە لە عەبدەوە دەردەچن وەك هاوار کردن و خۆش ویستن و لیَ ترسان و ڕەجا کردن و مل کەچ بوون و زەلیل بـوون و پشـت پـێ بەسـتن و بـە گـەورە دانـان و داوای فـریـاکـەوتـن و پەناگرتن، و سەربڕین و نەزرو غەیری ئەوانەش لە جۆرەکانی تری عیبـادەتی دڵ و زمان و لاشەو ماڵ، کە تەنها خوا شایستەیانەو پێویستە بۆ ئەو بکرێن بە تەنها نـەك بـۆ کەسی تریش. جا هەر کەسێك هەر جۆرێك لەم جۆرانەی عیبادەت بکات بۆ غەیری خـوا ئـەوە موشریکە لەهەموو حاڵەتێکدا: باوەڕی وابێت کە ئەوەی هاواری کردۆتێ و عیبادەتی بۆ کردوە کاریگەری و تەئسیری هەیە یان نا، شایستەی عیبادەتە یـان شایسـتە نیـە، هـەروەکو یەکـە. (**هەرچەندە ڕابکات لەناونانی کارەکەی بە شیرك و، ڕابکات لە ناونانی پەرستن بۆ کراوەکەی بە (إلە) و، پەرستنەکەی بە عیبادەت !!**) ئـەم ڕاکردنـە دادی نـادات؛ چـونکە لـە ناوەڕۆکـدا کارەکەی عیبادەتەو بۆ غەیری خوای کردوەو کردوویـەتی بـە پەرسـتراو (إلـە)و شـەریکی خـوا هەرچەندە ئەم ناوانەشیان لێ نەنێت، چـونکە زانـراوە لای هـەموو عاقڵێـك کـە (**نـاوەڕۆکی شتەکان ناگۆڕێت بە گۆڕینی ناوەکانیان**). وەك گۆڕینی ناوی (عیبادەت کردنی غەیری خوا) بە ناوی (**توسُّل**) و(**تشفُّع**) و (**تبرُّك**) و بە گەورەدانانی پیاوچاکان و ڕێز لێنانیان.

چونکە عیبرەت بە ناوەڕۆکی شتەکانە نەك بـە ناوەکانیـان، وە حـوکم لەگـەڵ نـاوەڕۆك و حەقیقەتدا دەسوڕێت بە بوون و نەبوون نەك لەگەڵ ناودا.

جا هەرکەسێك عیبادەت بکات بۆ غەیری خوا ئـەوە لـە ڕاسـتیدا ئیعتیقـادی وابـووە کـە شایستەی عیبادەتە بە هۆی پەرستن بۆکردنی بەم جۆرە پەرستنانەوە. وە سـوودی پێناگەیـەنێت کە بەدەم دەڵێت تەنها خوا شایستەی عیبادەتە؛ چونکە لە ڕاستیدا شەریکی بۆ خوا داناوە.

وەقوڕئان و سوننەت بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هەرکەسێك ئیعتیقادی بە یەکێك بێت و خۆشی بوێت و بەگەورەی دابنێت و ڕەجای خێری لێ بکات یان هاواری بکاتـێ و داوای فریاکـەوتنی لێ بکـات یـان نەزری بۆ بکات و سەربڕینی بۆ بکات، ئەوە کردوویەتی بە(إلە) پەرسـتراو و بەشایسـتەی پەرسـتنی داناوەو، لە واقیعدا پەرستنی بۆ کردوە، ئەگەر خۆیشی هەست بەمە نەکات و ناوی (إلە) و پەرستن بۆ کردنیشی لێ نەنێت و، بە شیرکیشی نەزانێت: وە ئێستاش فەرموو لەگەڵ ئەم بەڵگەیە:

* عن أبي واقد الليثي قال: ((خرجنا مع رسول الله ﷺ إلى حنين ونحن حُدثاءُ عهــدٍ بكفــرٍ، وللمشركين سِدرةٌ يعكفون عندها، وينوطون بها أَسلحتهم، يقال لها ذات أنواط، فَمَرَرنا بِســدرةٍ، فقلنا يا رسول الله، اجعل لنا ذات أنواطٍ كما لهم ذاتُ أنواط، فقال رسول الله ﷺ : [الله أكبر إنها السُّنَن، قلتم والذي نفسي بيده كما قالت بنو اسرائيل لموسى:﴿ اجعل لنا إلهاً كما لهم آلهــةٌ قــال إنكم قومٌ تجهلون ﴾(1) لتركبنَّ سنن من كان قبلكم](2)

مانایەكەی: أبو واقد ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەرچـووین بـەرەو (حنین). وە ئێمەش تازە وازمان هێنابوو لە كوفر، زۆر دەمێك نەبوو ئیمانمـان هێنـابوو (واتـە تەواو ڕیشاڵی جاهیلیەت لە بیرو بۆچوونماندا دەرنەهاتبوو).

وە موشریكەكان درەختێكیـان هـەبوو چـەكەكانیان پـێ هەڵدەواسـی، وە لـەژێری و دەوری دادەنیشتن و ئیعتیقادیان وابوو كـە درەختێكـی پـیرۆزەو بەرەكـەتو سـەركەوتنیان لێ وەدەست دەكەویت، وە بە درەختەكەیان دەووترا (ذات أنـواط) واتـە: درەختـە خـاوەن لقـە چـەك پـێ هەڵواسراوەكە. أبو واقد فەرمووی: وە ئێمەش بەلای درەختێكـی تـردا ڕۆیشـتین و وتمـان: ئـەی پێغەمبەری خوا: تۆش درەختێكی پیرۆز بۆ ئێمە دیاری بكە تاوەكو چەكەكانمانی پێ هەڵواسـین و پیرۆزی و بەرەكەت بڕژێت بەسـەرماندا بـەهۆی درەختەكـەوە، هـەروەك چـۆن موشـریكەكان درەختێكیان بۆخۆیان دیاری كردوەو ئیعتیقادیان پێیەتی كە پیرۆزەو بەرەكەتی پێوەیە !!.

وە پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامی داواكاریەكەیاندا ـ بەتووڕەیی و سەر سوڕمانەوە فەرمووی: الله أكبر، ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕێبازو ڕێچكەی كافرو موشریكەكانە. وە سوێند بەوەی نەفسـی منـی بە دەستە قسەیەكتان كرد وەك قسەی جولەكەكان. كە دوای ئەوەی لە بەحرەكە ڕزگاریان بـوو و پەڕینـەوە، بەلای قەومێكـدا هاتـن كە بتیان بـــۆ خۆیان دانابوو و پابەندی بتـەكانیان بوون، بە موسا پێغەمبەریان ـ عليه السلام **ـ وت:** ﴿ اجعل لنا إلهاً كما لهم آلهة ﴾ **وە تۆش ئـەی موسا پەرستراوێك (إله)ێك بۆ ئێمە دابنێ هەروەكو چۆن ئەو قەومە بـت پەرسـتە پەرسـتراو (ئالیهە) یان هەیە !! موساش پێی فەرموون ئێوە قـەومێكی نـەفام و جـاهیلن ئـەگینا چـۆن داوای ئـەوەم لێ دەكـەن پەرسـتنی غـەیری خواتـان نیشـان بـدەم، لەكاتێكـدا تـەنها (الله) پەرستراوی حەق و پەروەردگاری هەموو بوونەوەرەو ئەویش ئێوەی ڕزگـار كـرد لـە فیرعـەون، وە**

---

(1)الأعراف (١٣٨)

(2) رواه أحمد والترمذي وقال (حسن صحيح) .

ئێوەی پەڕاندەوە لە بەحرەكەو ئەوانیشی خنكاند !! كەوابوو چۆن داوا دەكەن غەیری (الله) بپەرستن كە خاوەنی ئەو هەموو نیعمەتە گەورەیەیە لەسەر ئێوە بە تایبەتی ؟!

ئینجا پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی كە تەشبیهی داواكاری هاوەڵانی خۆی كرد بە داوای هاوەڵانی موسا، فەرمووی:

ئێوە ـ ئەی ئوممەتی من ـ شوێن ڕێبازی كافرو موشریكەكانی پێشوو دەكەون!.

كەواتە لەم حەدیسە صەحیحەدا چەند دەرسێك وەردەگرین:

١ـ هەر كەسێك ئیعتیقادی بە غەیری خوا ببێت؛ بە درەختێك یان بەردێك یان قەبرێك یان پیاوچاكێكی زیندوو یان مردوو، وە پێی وابوو بە شتێك لەمانە بەرەكەت و پیرۆزی لێ وەدەست دەكەوێت، یاخود لای درەختەكە یان لای قەبرەكە بمێنێتەوە (عكوف) بەو نیازەی كە دوعا لای ئەو قبوڵەو شوێنێكی بەبەرەكەتەو ئیعتیقادی بكاتە سەرو هاواری بكاتێ و ڕەجای خێرو بەرەكەت دەستكەوتنی لێوە بكات ئەوا:

(أ) ـ ئەو درەختە، وە ئەو قەبرەی كردوە بە (إله).

(ب) ـ بە شایستەی پەرستنی داناوە لە ئیعیقادی خۆیدا.

(ج) ـ پەرستنی بۆ كردوە.

(د) ـ كردوویەتی بە شەریك و وێنە (نِدّ)ی خوا لە پەرستن بۆ كردن و ئیعتیقاد پێ بووندا. ئەگەر خۆیشی هەست بەوە نەكات و بە شیركی دانەنێت و نەشزانێت كە ئیعتیقادو كارەكەی ئەمە دەگەیەنێت؛ چونكە ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەر ﷺ كە تازە وازیان لە كوفر هێنابوو و تەواو شارەزا نەبوون لە ئیسلام وایان نەدەزانی كە ئەم داواكاریە وەك داواكاری هاوەڵانی موسایەو داوای (إله) دانانە لەگەڵ خوا!!. وە لەگەڵ ئەوەشدا كە خۆیان وایان حیساب نەدەكرد، بەڵام داواكەیان ئەوەی دەگەیاند. پێغەمبەر ﷺ داوایەكەی ئەوانی چواند بە داوای (بنو إسرائیل) وە داوای بەنو ئیسرائیل بریتی بوو لە دانانی بتێك بە (إله) بۆ پەرستنی لەگەڵ خوا. هەرچەندە كە ئەوانیش نەفام و جاهیل بوون بۆیە موسا فەرمووی:﴿ إنكم قومٌ تجهلون ﴾.

كەواتە مرۆڤ ئیعتیقادی بەهەر شتێك بێت وەك پیاوچاكان و گۆڕەكانیان و دارو بەردو شاڵ پەڕۆی سەر قەبران و... وە بە گەورەیان دابنێت و ڕەجای خێری پێ بێن و داوایان لێ بكات ئەوە بە (إله)ی داناوەو كردویەتی بە وێنە(ندّ) و شەریك بۆ خواو پەرستنی بۆ كردوەو بە

شایستەی پەرستن بۆ كردنی داناوە، ئەگەر خۆیشی وانەڵێت و وا حیساب نەكات و واش نەزانێت !.

كەواتە ئەو شتەی مرۆڤ ئیعتیقادی پێیەتی جگە لە خوا، وە ئیعتیمادی كردۆتە سەرو هاواری دەكاتێ، ئەوە كردوویەتی بە (إله)، ئەگەر ناوی ئیلاهیشی لێ نەنێت و بەناوی (ذات أنواط) ناوی بنێت، یان بە قەبر یان بە شێخ یان بە پێغەمبەر ﷺ ... چونكە جۆری ئیعتیقادو ئیعتیمادەكە حیسابە نەك ناو. وە چونكە پێغەمبەر ﷺ سوێندی خوارد لەسەر ئەوەی كە داوای هاوەڵانی هاوشێوەی داوای هاوەڵانی موسایە لەناوەڕۆكدا هەرچەندە لەناویشدا جیاواز بوون !! .

وە هەرچەندە هاوەڵان داوای ئەوەیان نەكرد درەختەكە بپەرستن، بەڵكو داوایەكەیان بۆ ئەوە بوو بەرەكەتیان دەست كەوێت لێی. بەڵام دیارە ئەوەش هەر نادروستەو سەر دەكێشێ بۆ شیرك.

وە شێخ عبدالرحمن بن حسن لە شەرحی ئەم حەدیسەدا فەرموویەتی:

(أخبر ـ أي النبيُّ ﷺ ـ أنّ التبرُّك بالآشجار يجعلُها آلهةً، وإن لم يُسمُّوها آلهة. ولِذلك شبَّه قولهم هذا بقولِ بني إسرائيل لموسى: ﴿ اجعل لنا إلهاً كما لهم آلهة.. ﴾ فظهر بهذا الحديث أن التعليق على الاشجار والأحجار وغيرها لِطلب البركة بها شركٌ في العبادة كشركِ عبادة الأصنام)[1].

واتە پێغەمبەر ﷺ لەم فەرموودەیەدا خەبەری داوە كە تەبەڕوك كردن (واتە ئیعتیقادی بەرەكەت بوون) بە درەخت و بەرد، كردنیانە بە پەرستراو (ئالیهە) ئەگەر ناویش نەنرێن ئالیهە. بۆیە پێغەمبەر ﷺ قسەی هاوەڵەكانی خۆی چواند بە قسەی هاوەڵانی موسا كە داوای (إله) دانانیان لێی كرد.

كەواتە بەم حەدیسە دەركەوت كە دڵ بەستنەوە بە درەخت و بەردو غەیری ئەوانەش بۆ بەرەكەت دەست كەوتن لێیان، شەریك دانانە لەعیبادەتدا وەك شەریك دانان بە بت پەرستی!.

تێبینی: ئەم هاوەڵانە داوای ئەم شتە هەڵەیان كرد لە پێغەمبەر ﷺ كە تازە دوای فەتحی مەككە موسڵمان ببوون و تەواو لە ئیسلام شارەزا نەبوون. وە بەم داوایەش نەبوون بە موشریك چونكە بە كردەوە نەیان كرد، بەڵكو تەنها داواكردن بوو، وە لە نەزانینیشەوە بوو، وە دوایش پەشیمان بوونەوە لەم داوایەو بیروباوەڕە .

(١) (قرَّة عيون الموحدين ص ٦٦) .